فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەسەر هێرشەکەی ئەمڕۆ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لیوا یەحیا ڕەسووڵ، وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان ڕایگەیاند، هێزە عێراقییەکان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە بەرپرسیار دەزانن لە هێرشکردنە سەر بارەگای ئەمنی بەغدا.

لیوا ڕەسووڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، لە هێرشێکی ئاشکرا و پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری و ئاسایشی عێراق، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کردەوەیەکی ئەنجامدا کە جیاواز نییە لە کردەوە تیرۆریستییەکان، بە ئامانجگرتنی یەکێك لە بارەگا ئەمنییەکان لە پایتەخت، بەغدا، ئەمڕۆ پێنجشەممە، کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی وبریندار کردنی چەند کەسێك.

ئاماژەی بەوەشکرد، هێزە چەکدارەکانی عێراق هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە بەرپرسیار دەزانن لەم هێرشە ئیستفزازییە بۆ سەر دەزگایەکی ئەمنی عێراق کە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە پێیان دراوە کاردەکات، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەمە هەموو لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تێکدەدات.

ڕەسووڵ پێیوابوو کە "ئەم بەئامانجگرتنە هەڵکشان و هێرشێکی مەترسیدارە بۆ سەر عێراق، دوور لە ڕۆح و پیتی ئیختیاری و ئەو کارەی کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بۆی دروست بووە.